# ئەگەر عێراق هەناردەکردنی نەوت لە گەرووی هورمز لەدەستبدات؟

02-03-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ڕۆژی یەکشەممە وەزارەتی نەوتی عێراق کۆبوونەوەیەکی لەبارەی پێشهاتەکانی ئەمدواییەی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی وزە ئەنجامدا و ڕایگەیاند " لە کۆبوونەوەکەدا لێکدانەوەی پلانی فریاکەوتنی تایبەت بە بواری نەوت، و کارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو، گاز، و بەرهەمە نەوتییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنە ئەمنییەکانی ناوچەکە کراوە"، یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکان ڕاگرتنی هاتووچۆی کەشتییەکانی نەوتە لە گەرووی هوزمز، کە عێراق دووەم وڵاتە لەڕووی هەناردەکردنی نەوتی خاو لەڕێگەی گەرووی هورمزە وە بۆ بازاڕەکان.

ڕۆژی یەکشەممە [وەزارەتی نەوتی عێراق](#) کۆبوونەوەیەکی لەبارەی پێشهاتەکانی ئەمدواییەی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی وزە ئەنجامدا و رایگەیاند " لە کۆبوونەوەکەدا لێکدانەوەی پلانی فریاکەوتنی تایبەت بە بواری نەوت، و کارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو، گاز، و بەرهەمە نەوتییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنە ئەمنییەکانی ناوچەکە کراوە"، یەکێک لە ئەگەرە بەهێزەکان راگرتنی هاتووچۆی کەشتییەکانی نەوتە لە گەرووی هورمز، کە عێراق دووەم وڵاتە لەرووی هەناردەکردنی نەوتی خاو لەرێگەی گەرووی هورمزە وە بۆ بازاڕەکان.

ڕۆژ بە رۆژ مەترسی لەسەر کەشتییەکانی گواستنەوەی نەوت و زیادبوونی ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز بەهۆی شەڕەوە زیاد دەبێت، کە لە ئەگەری داخستنی تەواوەتیدا ئەوا کاریگەرییەکەی، بەهۆی ئەو بەشدارییەی لە بازاڕی وزەی جیهانی هەیەتی زۆر گەورە دەبێت و لێکەوتەی بەتەنیا لەسەر نرخەکان نابێت، بەڵکوو وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و بەکارهێنەریش زیانمەند دەبن.

لە رۆژی پێنجشەممەوە و لەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران و وەڵامدانەوەی ئێران بۆ بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە و هەڕەشەکانی بۆ سەر کەشتییەکانی گواستنەوەی نەوت لە گەرووی هورمز و تەنانەت بە [ئامانجگرتنی کەشتییەک](#) وایکرد مەترسییەکان بگاتە ئاستی داخستنی تەواوەتی و پێدا تێپەڕنەبوونی کەشتی لە گەرووەکەوە.

ڕۆژانە یەک لەسەر پێنجی کۆی نەوتی هەناردەکراوی جیهان بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت، کەبەپێی داتاکانی "ئیس پێی گڵۆباڵ و کپلەر" ڕۆژانە عێراق لەم گەرووە 3.32 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو و 310 هەزار بەرمیل بەرهەمە نەوتییەکان دەگوازێتەوە، کە لە دوای سعودیەوە بەپلەی دووەم دێت لەڕووی هەناردەکردنی زۆرترین بڕی نەوت لەم گەرووە بۆ بازاڕەکانی جیهان.

[گەرووی هورمز](#) پانییەکەی 54 کیلۆمەترە کە رێگەی گواستنەوەی کەشتییە نەوتییەکانی نزیکەی 3.7 کیلۆمەترە. لەساڵی 2025 دا بڕی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان لەم دەرچەیەوە گەشتووەتە 19.87 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، کە دەکاتە رێژەی 25% کۆی بازرگانی نەوت لە جیهان دا. لە ئەگەری داخستنی دا بەهۆی گرژییەکانەوە ئەوا تەنیا بڕی 3.5 بۆ 5.5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە دەتوانرێت، رێگەی بەدیل بگیرێتەبەر و بە گەرووی هورمزدا نەگوازرێتەوە، هەرچەندە لەشیکارییەکانی ناوەندەکانی وزە ئاماژە بەوەکرا کە داخستنی تەواوەتی گەرووەکە روونادات، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش دابخرێت ئەوا کاریگەری گرنگ لەسەر بازاڕی وزە دادەنێت.

گرافیک 1: بڕی هەناردەکراوی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان بە گەرووی هورمز لە 2025 دا / رۆژانە



سەرچاوە: [کپلەر](#) و [ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە](#)، 1ی ئادار 2026 و ژمارەکان بۆ کۆی هەناردەی ڕۆژانەیە لەساڵی 2025

خاڵێکی دیکەی گرنگ پەیوەست بە گەرووی هورمزەوە تەنیا گواستنەوەی نەوت نییە بەڵکوو گواستنەوەی گازە، کە گازی شلکراو LPG یە و ڕێگەی بەدیلی نییە و کاریگەری لەسەر بازاڕی گازی سرووشتی شلکراوە بەڕێژەی 19% لە ئاڵوگۆڕی ئەم وزەیەدا لە جیهان دەهێنیتە ئاراوە و بڕی کارەبای بەرهەمهێنراو کەلەم وزەیەوە دابیندەکرێت کەمدەبێتەوە و ئەو وڵاتانەی پشت بەهاوردەکردنی گازی سرووشتی شلکراوەی قەتەر و ئیمارات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دەبەستن نامینێت، چونکە ڕێژەی 93% گازی شلکراوی قەتەر و ڕێژەی 96% ئیمارات لەم گەرووە دەگوازرێتەوە و ڕێگەی بەدیل نییە.

گرافیک 2: گەرووی هورمز و بەندەر و بۆرییەکانی گواستنەوە و ڕێرەوە ئاوییەکان لەنێوان وڵاتان



سەرچاوە: [ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە](), 1ی ئادار 2026

واتە ئەگەر داخستنی گەرووەکە بەتەواوەتی رووبدات، ئەوا کەمبوونەوەیەک لە دابینکردنی نەوتی جیهان بەرێژەی 25٪ و گازی سرووشتی شلکراوە بەرێژەی 19٪ لە جیهان دێنیتەئاراوە و شۆکێکی گەورە لەدوای شۆکی جەنگەکە خۆییەوە روو لە بازاڕەکانی جیهان دەکات لە رووەکانی وەک بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کەمبوونی داهاتی وڵاتانی هەناردەکار، دابینکردنی کارەبا لەرێگەی گازی سرووشتی شلکراوە وە بەنمونە وڵاتی پاکستان، بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و بەرهەمە پیترۆکیمیاییەکان.

عێراق لەچاو سعودیە زۆر لاوازە لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز دا، چونکە سعودیە رێگەی بەدیلی هەیە و عێراق نییەتی تاوەکو بتوانێت نەک ئەو بڕەی هەناردەی دەکات بەڵکوو نیوەشی هەناردە بکات. هەریەکە لە وڵاتانی وەک سعودیە و ئیمارات چەند رێگەیەکی بەدیلی گواستنەوەی نەوتیان بە بۆری هەیە، بۆ نموونە سعودیە گواستنەوەی نەوت بە بۆری بۆ دەریای سوور و ئیماراتیش گواستنەوەی بۆ بەندەری فوجەیرە کە هەردووکی لەدەرەوەی گەرووی هورمزەوەیە، بەڵام وڵاتانی وەک عێراق، کوەیت، قەتەر، بەحرەین و تەنانەت خودی ئێرانیش هیچ رێگەیەکی بەدیلیان نییە.

دیوێکی دیکەی ئەم داخستنە پەیوەستە بە بەکارهێنەرانی نەوت و لەسەروو هەموویانەوە وڵاتانی ئاسیا و چین، چونکە  بڕی ئەو نەوتەی رۆژانە لە گەرووی هورمزەوە دەگوازرێتەوە 4.6  ملیۆن بەرمیلی بۆ چین و 6.2 ملیۆن بۆ وڵاتانی دیکەی ئاسیا، تەنیا بڕی 1.3 ملیۆن بەرمیلی بۆ هەر سێ کیشوەری ئەوروپا، ئەمریکا و ئەفریقا دەڕوات. هەروەها لەدیوێکی دیکەوە، داخستنی گەرووەکە، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر نرخی نەوت بەشێوەیەکی وێنانەکراو دەبێت، چونکە سەرەڕای کەمبوونەوەی رێژەی 25٪  نەوت لە بازاڕی جیهان بەهۆی داخستنی گەرووەکە، بڕی زۆری نەوتی یەدەگی وڵاتانیش کە لەکاتی قەیرانەکانی رابردوو تواناراوە بخرێتەروو ئەمجارەیان روونادات، بۆ نموونە سعودیە یەکێک لەو وڵاتانە بووە لەرابردوودا توانییەتی یەدەگی نەوت بخاتەڕوو و بگوازرێتەوە، بەڵام ئەمجارەش نەوتی هەناردەکراوی خۆی تووشی کێشە دەبێت.

ئێستا، بەهۆی زیادبوونی ئەگەرەکانی داخستنی تەواوەتی گەرووی هورمزەوە، عێراق یەکەم وڵاتی زەرەرمەند دەبێت لەڕووی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکانی بۆ بازاڕەکانی جیهان، چونکە تاکە رێگەی گواستنەوەی نەوتی عێراق بەو بڕەی رۆژانە هەناردەی بازاڕەکانی دەکات گەرووی هورمزە، هەربۆیە داخستنی تەواوەتی گەرووی هورمز رۆژانە زیانی سەروو 200 ملیۆن دۆلار لە عێراق دەدات و بەزیادبوونی رۆژەکانی مەترسی گواستنەوەی نەوت لەگەرووی هورمزەوە وادەکات عێراق بڕی داهاتەکەی بەرێژەیەک کەم بکات وێنانەکراو بێت.

بۆ نموونە، بەپێی دوایین راپۆرتی کۆمپانیای بە بازاڕکردنن نەوتی عێراق )[سۆمۆ]()( بڕی هەناردەی نەوتی عێراق لە مانگی شوبات 2026 دا رۆژانە 3.53 ملیۆن بەرمیل بووە، کە 3.33  ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لەرێگەی گەرووی هورمزەوە بووە و 198 هەزار بەرمیلی رۆژانەشی لەرێگەی بەندەری جەیهانەوە بووە.

ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت ئەوا تاکە دەرچەی عێراق بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتەکەی دەبێت لەرێگەی بەندەری جەیهانەوە بێت کە ئێستا لە رێگەی بۆری هەرێمی کوردستان بۆ پیشخابوور رۆژانە تەنیا نزیکەی 200 هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەگوازێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا توانای [گواستنەوەی بۆرییەکە]() 1 ملیۆن بەرمیل, واتە عێراق ئەگەر پەنا بباتە ئەم رێگەیە هێشتا ناتوانێت رێژەی 72٪ نەوتەکەی هەناردە بکات، بەمشێوەیەش عێراق بۆ مانگی ئادار 2026 بڕی هەناردەکراوی نەوتی بەشێوەیەک کەم دەکات کە ئەو قەیرانەی بەهۆی کەمی نرخەوە تووشی داهاتەکەی بووە و خەرجییەکەی پڕناکاتەوە قوڵتر و چەند هێندە ببێتەوە، کە ئەمەش رەهەندێکی نوێ لاوازی ئابووری عێراق دەردەخات کە لەیەک دەیەی رابردوودا لەجیاتی پشت بەستن بە نەوت کەمبکاتەوە، بەڵام پشت بەستنی بەداهاتی نەوتی لە 78٪ لە 2015 زیادکردووە بۆ 91.2٪ لە 2024دا لەکۆی داهاتەکەی.

رۆژانی داهاتوو و کۆتایی مانگی ئادار 2026 بەروونی زیان مەترسییەکانی داخستنی گەرووی هورمز دەردەکەوێت و زیانەکانی ئەگەرەکانی داخستنی تەواوەتی گەرووەکە بۆ  گواستنەوەی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان وگاز  لەو رێگەوە چەند بووە بۆ بازاڕی وزە لە جیهان روون دەبێتەوە ، بەتایبەتیش وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، چونکە لەیەکەم رۆژی هەڵگیرسانی جەنگەوە [ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە]() رایگەیاند کەوا بەوردی چاودێری پەرەسەندنەکانی ئاسایشی وزە دەکات و دڵنیایی بەوڵاتانی بەکارهێنەری نەوت و ئەندامانی ئاژانسەکە دا کە  بڕی 1.4 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگیان هەیە بۆ هەر پێشهاتێک لە بازاڕی وزە بێتە ئاراوە، هەرچەندە ئەمە بەدیلی داخستنی تەواوەتی گەرووی هورمز نییە و کاریگەر نابێت لەسەر رێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخەکان، چونکە ئەمریکا و ئەوروپا کەمترین بڕی نەوتیان لە گەرووی هورمزەوە بۆ رۆشتووە.

لەکۆتاییدا، رووداوەکانی ئەم رۆژانە بۆ بازاڕی وزە پارالێل لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و پێکدادانە سەربازییەکانەوە یەکێک دەبێت

لەوخاڵەی وەرچەرخان کە لە ئاسایشی وزەی جیهان دەهێنیتە ئاراوە ولاوازی و بەهێزی وڵاتان چ بەرهەمهێنەر یان بەکارهێنەر دووبارە دەردەخات. ئەمەش سەرەڕای بیرکردنەوە لە دەرچەی جیاواز و گۆڕینی رێگاکانی گواستنەوەی وزە لە دابینکەرەوە بۆ بەکارهێنەر دەهێنێتە ئاراوە لە داهاتوودا و لاوازییەکی جەوهەری و گەورەشی خستە سەر لاوازییەکانی عێراق.